# شوناسی کورد لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا

پ.ی.د.لوقمان رەئوف عەلی
Luqman.ali@kti.edu.iq
پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە : ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە پرسی شوناسی کورد دەکات لەناو دەقە شعیرییەکانی شێرکۆ بێکەسدا، وەک یەکێک لە کێشە هەرە دیارەکانی بەردەم گەلێک، کە هەوڵی پاراستنی بوون و شوناسی کولتووری و کۆمەڵایەتی خۆی دەدات لەژێر ڕۆشنایی ئاڵنگارییە ئاڵۆزەکاندا، لەکاتێکدا ئەم ئاڵنگارییانە لەگەڵ ئەو فاکتەرە مێژوویی و سیاسی و کولتووری و ئابورییانەی کە کوردستان بە درێژایی مێژوو پێیدا تێپەڕیووە، تێکەڵبوون، هەربۆیە قەیرانی شوناس یەکێکە لەو بابەتانەی کە شێرکۆ بێکەس لە شیعرەکانیدا باسی دەکات، بەشێوازێک پرسی شەخسی و نەتەوەیی بووەتە میحوەرێکی بنەڕەتی لە شیعرەکانیدا، جگەلەمەش ئەزموونی دەربەدەری و ئاوارەبوون و زێدی خۆی ئەمەی بەرهەم هێناوە، ئەمەش وای لێکرد لە شیعرەکانیدا ململانێی شوناس لە نێوان سەربەخۆیی و نامۆبوون و لە نێوان نیشتمانە ونبووەکە و نیشتیمانی خەیاڵیدا ڕەنگبداتەوە.

ئەم توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە دوو بەش لەبەشی یەکەم باس لە چەمک و پێناسەکردنی شوناسی کورد و ڕۆڵ و گرنگی شوناس و شوناس لە شیعری کوردی و زمان و پەیوەندی بەشوناسەوە کراوە، لەبەشی دووەمدا باس لە جۆرەکانی شوناس لە شیعرەکانی شاعیردا کراوەو نموونەش بۆ هەرجۆرێکیان هێنراوەتەوە، هەروەها باس لە تایبەتمەندییەکانی قەیرانی شوناس لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا کراوە.

**وشەکلیلیەکان:** شوناس، شاعیر، نیشتمان، بوون، کورد

## پێشەکی :

شیعری کوردی بەگشتی ئاوێنەکەیەو تێیدا ڕەنگدەرەوەی تایبەتمەندییەکانی شوناسە، بەو پێیەی پەیوەندیی کولتووری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی نەتەوەی کورد ئاشکرا دەکات، هەربۆیە لە شیعری کلاسیکییەوە تا سەردەمی مۆدێرن، شیعر وەک ئامرازێک بووە بۆ خستنەرووی ژیان و بوونی تاکەکەسی، یان کۆمەڵ، بۆئەوەی شاعیر لەڕێگەیەوە نیگەرانییەکانی خۆی دەربڕێت و پرسیارەکانی لەبارەی سروشتی خۆیەوە بوروژێنێت و سیمای سەربەخۆیی خۆی بۆ خاک و مێژوو و ئاین و زمان دیاریبکات، لەپێناو بەخشینی شوناسەکەی، چونکە شوناس گرنگی و بایەخێکی زۆری لای مرۆڤ هەیە، لەبەرئەوەی بوونیەت و خودیەتی مرۆڤ بەپێی پەیوەندی و دابڕان لەگەڵ ئەندامی تردا دروستبکات.

لەراستیداچەمکی شوناس لە شیعری کوردیدا پەیوەستە بە چەند توخمێکی تێکەڵاوەوە، لەوانە شوێن، پەیوەندی بە بنچینەوە، کارلێککردن لەگەڵ کلتوور، هەڵوێست لەسەر مۆدێرنیتە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، هەربۆیە شوناس لە شیعردا بە درێژایی سەدەکان شاهیدی گۆڕانکاری گەورەی شوناسە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرەکان بووە، بۆیە شوناس تەنیا چەمکێکی تیۆری نییە، بەڵکو ئامرازێکی نوێبوونەوەشە، کە لەو بەها و باوەڕ و ئەزموونانەدا دەردەکەوێت، کە ویژدانی میللەت لە قاڵبدەدەن، چونکە شوناس بریتییە لە چۆنیەتی پێناسەکردنی مرۆڤەکان، یان نەتەوەکەیان، هەر لە زمان و کولتوور و ئاین...تاد، جگەلەمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین بەدواداچوون بۆ دەرکەوتەکانی شوناس لە شیعری شاعیردا بکەین، ئەمەش بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکە جۆراوجۆرەکانی و

لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی کارلێکی شاعیر لەگەڵ ڕەهەندە جیاوازەکانی شوناسدا دەبێت، بۆئەوەی قووڵایی ئەم چەمکە و کاریگەرییەکانی لەسەر دارشتنی دیدگای داهێنەرانەی شاعیر لە شیعری کوردیدا ئاشکرا بکەین، هەر بۆیە شێرکۆ بێکەس لە ڕێگەی شیعرەوە، ڕۆشنبیری و خودیەتی و بوون و هەڵوێستی خۆی و نەتەوەکەی و دۆخەکەی دەخاتەڕوو.

لەم ڕوانگەوە کار لەسەر شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس کراوە تاوەکو تێروانینی شێرکۆ بێکەس بۆ شوناسی کورد لە دەقەکانیدا بخەینەڕوو، هەروەها باس لە گرنگی شوناس لە دارشتنی هۆشیاری گەلی کورد و ڕووبەڕووبوونەوەی شوناسی نەتەوەیی و هەڵوەشاندنەوەی شوناسی کورد لە ڕێگەی سیاسەتی سەرکوتی کولتووری و قەدەغەکردنی زمانی کوردی و شێواندنی مێژوو، و پرسی جیاکاری و دوورخستنەوە و ململانێ چەکدارییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر یەکڕیزی و سەقامگیری گەلی کورد، لەگەڵ دابەشبوونی ناوخۆیی لە نێوان حزب و بزووتنەوە کوردییەکاندا.

جگەلەمەش باس لە خستنەرووی هەوڵەکان بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆیان لە ڕێگەی ئەدەب و زیندووکردنەوەی میراتی کولتوورییەوە، لەگەڵ خواستەکانی گەلی کورد بۆ بنیاتنانی ئایندەیەک کە دان بە تایبەتمەندییە کولتووری و سیاسییەکانیاندا بنێت، لەگەڵ باسکردن لەو تەحەددیانەی چاوەڕێ دەکرێت رووبەرووی ناسنامە ببنەوە، وەک:

١- ئاستەنگە رۆشنبیری و کولتوورییەکان و کاریگەری لەسەر تایبەتمەندی کولتووری و بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری و کولتوورییەکانی بەکاربەر و کاریگەرییەکانیان لەسەر بەها ڕەسەنەکان.

٢- ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان: وەک کاریگەری دوورخستنەوە و کراوەیی لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە ئابورییەکان لەسەر ناسنامە: هەژاری، بێکاری، و چینایەتی و ململانێ سیاسییەکان و هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی.

٣- ئاستەنگە تەکنەلۆژییەکان و کاریگەریان لەسەر بەها و ناسنامەو گۆڕانی شێوازەکانی پەیوەندی مرۆڤ و کاریگەرییەکانیان لەسەر ڕەگ و ریشەی کولتووری.

٤- ڕۆڵی کۆمەڵگە و دەوڵەت لە پاراستنی شوناس و سیاسەتی پشتیوانی لە ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووری و ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکان.

٥- شوناس وەک هێزێک بۆ داهێنان و گەشەپێدان و چۆن ناسنامە دەتوانێت ئیلهامبەخش بێت بۆ داهێنان و بەهێزکردنی شوناس لە ژینگەیەکی جیهانیدا.

- **ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١- ڕوونکردنەوەو ناساندنی چەمک و پێناسەی شوناس.

٢-خستنەڕووی گرنگی و ڕۆڵی شوناس لەسەر نەتەوە.

٣- ناساندنی دیارترین ئەو تەحەدیانەی کە ڕووبەڕووی ناسنامە دەبێتەوە.

٤- پێشنیارکردنی ڕێگاچارەکان بۆ پاراستنی شوناس و گەشەپێکردنی لە نێوان گۆڕانکارییەکاندا.

٥-باسکردن لەو شێوازانەی کە مانەوەی ناسنامە بەرز ڕادەگرن، سەرەڕای گۆڕانکارییەکان

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

- ڕێبازێکی وەسفی و شیکاری لە شیکردنەوەی دەقەکان و ئاستەنگەکاندا بەکارهاتووە.

**چەمك و پێناسەی شوناس:**

چەمکی شوناس بەهۆی لە خۆگری دەلالەی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندیداری بەکرۆك و قووڵایی کۆمەڵگەوە، چەمکێکە زۆرترین مشتومڕی لەسەرە، بۆیە شوناس ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە (ئەو) یان تاکەوە، ئەو بە مانا جێناویەکەی نا، بەڵکو

(بوونیەتی دیاریکردنی کەسێك و وشەیەکە دەلالەت لە جیاکاری، یان خاسیەتی گەلێك لە ناو گەلەکانی تردا دەکات)( ذیاب، ٢٠-٢٠١٣/١٠/٢٦)

شوناس لەوشەی لاتینی (Edem ) وەرگێراوەو لە ئینگلیزی دا وشەی (Identity ) و لە فەرەنسی دا (Identite) بەکاردێت ، واتە خودی شتەکە، یان ئەو شتەی کە خاوەنی کۆمەڵێك خاسیەتە کە کەسێکی پێ دیاریدەکرێت، یان دەناسرێتەوە(احمد ،٢٠١٣، ٢٣)، یان شوناس (بەشێت یان کائنە لێکچووەکان دەوترێت، لەگەڵ پاراستنی خودو تایبەتمەندی خۆیان)(بودیە،٢٠٢٠ ١٨)، واتە شتێکە کە گوزارشت لە خاسیەت و حەقیقەتی خۆی دەکات.

بە پێی فەرهەنگی ئەدەبی(شوناس کۆمەڵێك تایبەتمەندی و خاسیەتن، کە ئەدەب لەوانی تر جیادەکاتەوە)( میتو، ٢٠١٢، ٣١٢)،شوناس بە پێی فەرهەنگی (الوسیط) بریتیە لە بیرێکی زۆر قووڵ )(مجمع ،٢٠٠٨، ١٠٤٤)، بەپێی فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(وشەی شوناس واتە ئاشنا) (هەژار ، ١٣٨٩ ، ٥٠٩).

لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە شوناس واتە چیەتی (ماهیە)، یان کرۆکی شتەکە و ڕاستیەکەی)( بودیە،٢٠٢٠ ،١٩)، لای ئەفلاتون ڕوانین لەسەر شوناس (بەهۆی دیاریکردنی خودەوەیە، واتە شوناس لەگەڵ خوددایە)(حامد، ،٢٠٢٠، ٣٣)،لای دیکارت( شوناس لە ڕێگەی فکرەوە دیاریدەکرێت، چونکە شوناس لەفیکرەوە کاردەکات و بە هۆشیەوە شوناس زۆر پەیوەستە بە کارو کارنامەی بیرەوە، بۆیە خودی بیرکەرەوە بریتیە لە خودێکی هەبوو)(دیکارت ، ٢٠٠٩ ، ٥٧)، کانتیش پێیوایە (شوناس پەیوەستە بە ئیرادەیەکی ئازادەوە) (کانت،٢٠٠٢، ١٥٠)، کەواتە شوناس لەچوارچێوەبوونێکی بیرکەرەوەدایە، هەرلەبەرئەمەشە(ڕوشیە (Rouqerie.G) دەڵێت" شوناس پەیوەندی بەهێزی بە ڕۆشنبیریەوە هەیەو کرۆک و حەقیقەتی شتەکەیەو پەیوەستە بە شتە جێگری و گۆڕاوەکانەوە"( ڕوشیە،١٩٩٣، ١٤٤)، هەربۆیە (شوناس ڕاستی شتێکە، یان کەسیەتیەکی ڕەهایە کە خاسیەتە کرۆکییەکان لەخۆدەگرێت)(معلوف،د.ت، ٨٧٥)

فارابی دەڵێت(شوناس بریتیە لە تایبەتمەندیەتی یەکگرتویی و دیاریکراویەتی و تاکیەتی شتێك، واتە ئاماژەیە بۆ شوناس و تایبەتمەندێتی)( الفارابی ،٣٣٩، ٢١)، یاخود(ڕاستی شتێکە کە بەشی تر جیادەکاتەوە و پێشی دەڵێن یەکیەتی خود)( مدکور، ١٩٨٣، ٢٠٨)، لای جرجانی(شوناس ڕاستەیەکی ڕەهایە، کە ڕاستەیەکان لەخۆدەگرێت، وەك چۆن ناوك دارەکە لە ناواخن و غەریبی ڕەهادا لەخۆدەگرێت)( الجرجانی،د.ط،٢١٦)، بەم پێیەش بێت شوناس کۆدێکە مرۆڤ لە ڕێگەی ژینگەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکەوە خۆی دەناسێت، یان خۆی لە ناو کۆمەڵگەدا دەناسێنێت، یاخود شوناس( بریتیە لە ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی ، زمانی هەموو گەلێک) ( برهومە،٢٠١١، ١٥٦)، ئەدۆنیس دەڵێت(وێنەی شوناس لە کارلێککردن لەنێوان خود و ئەوانی تردا دەخرێتەڕوو،)(ادونیس، ٢٠٠٩، ٢٤)، بەمەش شوناس لەئەنجامی کارلێککردن و پەیوەندییەکان هەم لە نێوان مرۆڤەکان، هەم خاك و ژینگەو شوێندا دەروستدەبێت، هەر بۆیە علی حرب دەڵێت( شوناس تەنها یەك ڕەهەند، یان ڕووی نییە، بەڵکو تێکەڵەو چەند ڕەهەندو ڕوویکی هەیەو بەرووی زیاتر لە جیهانێکدا دەکرێتەوە)(حرب،٢٠٠١، ٩٦)

لەبارەی پێدان، یان بەدەستهێنان، یان بوونی شوناسەوە، ئەلێکس میکشللی دەڵێت( شوناس کیانێك نییە کە یەك جار و بۆ هەمیشە بدرێت، ئەوە ڕاستیەکە لەدایکدەبێت و گەشە دەکات و دەگۆڕێت)( میکشللی، ١٩٩٣، ٧)،چونکە شوناس کۆمەڵێك خاسیەت و پەیوەندیە، کە مرۆڤەکەی لە وانی دی پێدەناسرێتەوە، واتە وەك ئاوێنەیەکە کەکەسەکەی بەپێی تایبەتمەنیەکەی تێدا دەخاتەڕوو، لەم بارەوە حسن حنفی دەڵێت(شوناس واتە مرۆڤ، یان هەرگەلێك و لەباوەشی مێژوودا دێتەدی)( حنفی،١٩٩٢،٤، ١٧٩)کەواتە (شوناس پەیوەستە بە بنچینە مێژوییەکەیەوە، چونکە مێژوو گوزارشت لە شوناسی هەموو مرۆڤێك دەکات و هیچ کەسێك ناتوانێت، دەست لە مێژووی هەڵبگرێت و مێژوش مرۆڤ لە بیر ناکات)( حنان،٢٠١٨، ٤٤)، یان شوناس (ڕاستی شتێکە ، یان کەسێك کە جیاوازە لەوانی تر(مصطفی، ٢٠٠٤ ، ٩٨)، کەواتە شوناس (بوونی کەسێك دیاریدەکات، یاخود شوناس بەهۆکاری گەیاندنی ڕۆشنبیری و بوون و ماهیەتی خود و یەکیەتی دادەنرێت)( ریکور، ٢٠٠٩ ، ١٩)جان فرانسوا بایار دەڵێت(شوناس لە چوارچێوەی سیاسەت دەرناچێت،

sjh@univsul.edu.iq

چونکە پەیوەندیەکی ئاڵۆز لەنێوان ڕوانینی ڕۆشنبیری و کاری سیاسی و شێوازی کەلەپوری لە جوڵەی سیاسی و خەیاڵی سیاسیدا هەیە)( بایار ، ١٩٩٨، ٧)، بەم پێیەش بێت شوناس (بریتیە لە زاراوەیەکی سیاسی و لە پرۆسەیەکی سیاسیدا لەدایکبووە)( توصیل،٢٠٠٢، ٣٨٥)، بۆیە چەمکی شوناس کارێکە ناتوانرێت دەستی لێهەڵبگیرێت، لەگەڵ ئەوەی ئایندەش ڕوون نییە) (هنتنجتون،٢٠٠٩ ، ٥٦)، بەم پێیەش شوناس چەند ڕوویەکی هەیە، بۆ پێناسەکەشی چەند ڕوانگەی جیاوازی هەیە و لە هەموو شوێنێك هەیە، بەڵام لێ تێگەشتنی ئاڵۆزە. شوناس هەستی تاك، یان کۆمەڵە بەدەروون و بریتیە لە بەرهەمی هۆشیاری خود (هنتنجتون،٢٠٠٩ ، ٥٨)، یان (ڕاستی شتێکە، یان یەکیەتی خود، ئەمەش واتە مانای زمانەوانی شوناس پەیوەستە بە خودەوە) (عیاش،٢٠١٧، ٣٤)

لەئەمجامی ئەو پێناسانەی خرانەڕوو، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە چەمکی شوناس بەپێی ئەو زانستەی کە تێیدا دەخوێندرێتەوە دەگۆڕێت و هەر زانستێک پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە، وەک دەروونناسی، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، سیاسەت و ئەوانی تر، چونکە ( لەڕوانگەیەکی تیۆریەوە چەمکێکی پڕ لە کێشەیە، وروژاندنی پرسیاری زیاتر لەوەی وەڵام بداتەوە (أحمد، ١٩٩٧، ٥٩ ) ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە زۆرانەی کە بەهۆی جیاوازی پێکهاتە و توخمەکانی ناسنامە، و ڕێکخستنی... ئەم پێکهاتانە، یان توخمانە بەپێی ئەولەویەت و گرنگی، یان زاڵبوونی هەندێک بەسەر هەندێکی تردا ئەمەیە، کە باسیو پێی دەڵێت: لایەنی شاراوەی ناسنامە (السرحاني، ١٤٢٧، ٧٨)، وەک چۆن ئاماژەیە بۆ ڕاستی ڕەهای ئەو شتەی کە لەخۆدەگرێت، ڕاستییەکان ناوکی... دارەکە، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی بەدیهێنانی پێی دەوترێت ڕاستی و خود، و بە لەبەرچاوگرتنی کەسایەتیکردنی پێی دەوترێت ناسنامە (الميداني،٢٠٠٠، ٩٤)، بەم پێیەش بێت ئەم پێناسانەش ئەوە دەخەنەڕوو، کە پەیوەندی لە نێوان شوناس و تایبەتمەندی مرۆڤدا هەیە و ئەو خاسەتانەش جیاوازی لە نێوان بیروبۆچونەکاندا دروستدەکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە شوناس دەلالەت و ڕەهەندی جیاوازی هەیە، بەو مانایەی لەیەك دەلالەتی دیاریکراودا قەتیس ناکرێت.

**ڕۆڵ و گرنگی شوناس**

شوناس ئەو توخمە بنەڕەتییەیە، کە هەم پێمان دەڵێت کە ئێمە کێین، هەم سنورو بوونمان دیاری دەکات، چ بە تاک و چ بە کۆمەڵ، لەم سۆنگەوە شوناس ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکاندا و کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و مامەڵەکردن و پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەیە، بۆیە گرنگی و ڕۆڵی شوناس لەچەند ڕوانگەیەکەوە دەخەینە ڕوو، لەوانە:

**١-لەڕوانگەی ناسنامەی کەسییەوە:**

هەستی سەربەخۆیی و متمانە بەخۆبوون، هەم بە تاک دەبەخشێت، هەم زیادیدەکات، جگەلەمەش یارمەتیدەرە لە دارشتنی ئەو بەها و پرەنسیپانەی، کە ڕەفتارەکانی بەڕێوەدەبەن، هەروەها بەشدارە لە دیاریکردنی ئامانج و خواست لە ژیاندا.

**٢-لەڕوانگەی شوناسی کولتووری و ڕۆشنبیرییەوە:**

شوناس مێژوو و کلتووری نەتەوەیەک لە ونبوون، یان کاریگەری کولتوورەکانی دیکە دەپارێزێت و بەشدارە لە گواستنەوەی داب و نەریتەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، هەروەها زمانی نەتەوەیی دەپارێزێت و بەکارهێنانی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگەدا بەرەوپێش دەبات، جگەلەمەش میرات و کلتووری تایبەتی هەر پێکهاتەیەک دەپارێزێت، هەروەها هانی هەستکردن بە ئینتیما بۆ کولتوورێکی دیاریکراو دەدات، ئەمەش یەکێتی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش دەبات و یارمەتیدەرە لە کارلێککردن لەگەڵ کولتوورەکانی تر، لە هەمانکاتدا پاراستنی تایبەتمەندی کولتووری و ڕۆشنبیریی هەریەکەیان.

**٣-لەڕوانگەی ناسنامەی نەتەوەییەوە:**

ناسنامە ئەو بناغەیە کە گەلان لەسەری بنیاتنراون، بۆیە ڕەنگدانەوەی بەها و کولتوور و مێژووەکەیانە و یارمەتیدەرە بۆ یەکخستنی گەلەکەیان لە ژێر یەک ئاڵادا، بۆیە کاتێک ناسنامە بەهێز بێت، میللەتێک سەقامگیرتر و ئاوەدانتر دەبێت، گرنگی شوناس ڕوانگەی نەتەوەیەوە بریتییە لە:

sjh@univsul.edu.iq

**ا- بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی:**

شوناس ناسنامەی نەتەوەیی ئەندامانی نەتەوەیەک لە ژێر ڕۆشنبیری و کولتوورێکی هاوبەشدا یەکدەخات و ململانێ ناوخۆییەکان کەم دەکاتەوە، کە بەهۆی جیاوازی ڕەگەزی، یان ئایدیۆلۆژییەوە دروستدەبن، هەروەها هەستکردن بە سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە نیشتمان دروستدەکات و دڵسۆزی و ئینتیما بۆ نیشتمان بەرز ڕادەگرێت، جگەلەمەش هاندانی کارکردن دەدات، لەپێناو پێشکەوتن و بەرگریکردن لە کۆمەڵگە، لەگەڵ بەشداریکردن لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو و سەقامگیر.

**ب-بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەهێز و سەقامگیر:**

ناسنامە هەستی بەرپرسیارێتی و بەشداریکردن لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا بەرزڕادەگرێت و پەیوەندی نێوان حکومەت و هاووڵاتیان لە ڕێگەی بەها هاوبەشـــەکانەوە بەهێز دەکات، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیهانگیری، کە سەربەخۆیی نیشتمانی لاواز دەکات.

**ت- سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری:**

ناسـنامەی نەتەوەیی میللەت بەرەو سـەربەخۆیی و پاراسـتنی سـەروەری خۆی دەبات و هانی گرتنەبەری ئەو سـیاسـەتە ئابورییانە دەدات، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی وڵات دەکەن، لەبری دواکەتن، یان پشـتبەسـتن بە وڵاتانی دەرەوە، جگەلەمەش پشـتگیریکردنی پیشەسازییە ناوخۆییەکان و یارمەتیدانی پگەشەپێدانی ئابوری نیشتمانی.

**پ- بەهێزکردنی دەسەڵات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:**

ئەو گەلانەی کە ناســـنامەیەکی بەهێزیان هەیە، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا زیاتر ڕێزیان لێدەگیرێت، چونکە شـــوناس یارمەتیدەرە لەبەخشـینی وێنەیەکی ئەرێنی میللەت لەڕوانگەی جیهانەوە، هەروەها بەشـداریدەکات لە بڵاوکردنەوەی کولتوور و بەها نەتەوەییەکان لە ئاستی جیهانیدا.

**٤-لەڕوانگەی ناسنامەی کۆمەڵایەتییەوە:**

ڕۆڵی تاک لەناو کۆمەڵگەدا دیاریدەکات و کارلێکی کۆمەڵایەتی بەرزدەکاتەوەو هەسـتکردن بە بەرپرسـیارێتی بەرامبەر بە کەسـانی تر زیاددەکات، جگەلەمەش یارمەتی دروستکردنی پەیوەندی بەهێز دەدات لەناو کۆمەڵگەدا.

**٥- شوناس لە سەردەمی نوێدا:**

لەگەڵ پەرەســەندنی تەکنۆلۆژیا و جیهانگیری، شــوناس بۆ پاراســتنی جیاوازی کولتووری و کۆمەڵایەتی گرنگتر بووە، ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە کە تەحەددیاتی وەک ناســنامەی دیجیتاڵی و کاریگەری ســۆشــیال میدیا وایکردووە ئاگاداری گرنگی ناســنامەی کەســی و کولتووری بێت، بۆیە شـوناس تەنها چەمکێکی تیۆری نییە، بەڵکو بنەمای ژیانی تاک و کۆمەڵایەتییە، و نوێنەرایەتی ئاماژەیەکی گرنگ دەکات بۆ هەموو مرۆڤ و کۆمەڵگەیەک، ئەمەش لەو سـۆنگەوەیە شـوناس تەنها چەمکێکی کولتووری نییە، بەڵکو بنەمایەکی بنەڕەتییە بۆ هەستانەوەو گەشەی نەتەوەکان، بۆیە هەر کاتێک نەتەوەیەک پارێزگاری لە ناسنامەی خۆی دەکات، ئەوا بەردەوامی و سەقامگیری و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکییەکان مسۆگەر دەکات.

**شوناس لە شیعری کوردیدا**

ئەدەبی کوردی بە گشتی گرنگی بەمەسەلەی شوناس داوە، وەك چەمکی من لە بووینداو تێگەشتن لەوی تر کە ژیان پێکدەهێنێت، هەر بۆیە زۆر جار شـوناس پەیوەسـت دەبێتەوە بە جێناوی من و ئەوەوە، بەمانایەکی تر شـوناس لە شـیعری کوردیدا، تەوەرێکی بنەڕەتییە و ڕەنگدانەوەی کارلێکی نێوان خود و ئەویترە و پەیوەستە بە خاک و مێژوو و کولتوورەوە. ئەم شوناسـە بە درێژایی سـەدەکان بە شێوازی جۆراوجۆر ، لە ژێر کاریگەری واقیعی سـیاسـی و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا خۆی دەرخسـتووە ، لەبەرئەوەی مێژووی نوسـینی ئێمە

لەدوای هاتنی ئاینی ئیسلامەوە بووە، بۆیە شوناسێکی ئاینی گشتگیر بووەو شیعر بووە بە ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی بەهاکانی ئیسلام، وەک زاهید و یەکتاپەرستی و سۆفیگەری.

**١- شوناس لە سەردەمی قوتابخانەی شیعری باباندا:**

لە سەردەمی باباندا شوناس فراوانتر بوو بۆ ئەوەی ڕەهەندێکی شارستانی و کولتووری بگرێتەوە، بەو پێیەی شاعیران لە ژێر کاریگەری زانست و فەلسەفەدا بوون، وەک لە شیعرەکانی نالی و سالم و مەحوی، مەولەوی، حاجی قادر ...تاد ڕەنگیداوەتەوەو شانازی بە خود و شوناسی کوردی و شانازی بە بەها و زمانەوە نیشاندەدەن، لەکاتێکدا ئەم شوناسە ئاینیەش پێشتر لە شیعرەکانی باباتاهیر و مەلاپەرێشان، مەلای جەزیری و فەقێ تەیران بەهەمان شێواز بوون.

لەراستیدا شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانیش لە ڕێگەی حەسرەت بۆ نیشتیمانی کورد لە ئەستەمبووڵەوە سەریهەڵدا، وەک لە شیعری حاجی قادر دا ڕەنگیداوەتەوە، کە تێیدا باسی ئەستەمبووڵ و غەریبی و بیری نیشتیمانی کردووە. شیعر لەم قۆناغەدا ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان ناسنامەی ئیسلامی و ئاینی بووە.

**٢- شوناس لە شیعری مۆدێرن و هاوچەرخدا:**

لەگەڵ کۆلۆنیالیزم و گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا، شیعر بوو بە ئامرازێک بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی، وەک لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، کە لە بەرامبەر داگیرکاریدا شوناسی کوردی بەرجەستە کرد، هەروەها عەبدوڵا پەشێو لە ڕوانگەی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە باسی لە پرسەکانی شوناس کرد، هەروەها تیشکی خستە سەر شوناسی کورد و پەیوەندییەکەی بە مۆدێرنیتەوە، لە سەردەمی نوێدا شیعر هۆکارێک بووە بۆ بەرجەستەکردنی هەمەجۆری شوناسەکانی نێوان ناسیۆنالیزم، ئاین، ڕەگەز و مرۆڤایەتی، کە ڕەنگدانەوەی ئەو فرەچەشنییە گەورەیەی ناو کۆمەڵگە کوردییەکانە.

**زمان و پەیوەندی بەشوناسەوە:**

زمان بە مانا گشتیەکەی هۆیەکە بۆ لێکتێگەشتن، بەڵام زمان وەك شوناس و بوون هۆیەکە بۆ ڕاگەیاندن، نیشاندانی خود، سەلماندنی بوون، مانەوە، بۆیە لە ئێستاشدا دەیانەوێت لە زمانی بێگانەوە زمانی دایك، یان زمانی کوردی لاواز بکەن، بەناوی زمانی تەکنەلۆژیای سەردەم نییە، بەو مانایەی ئەو نوسینانەی لەسەر ئامێرەکانن کوردی نین، لەکاتێکدا زمان و پیتەکان (یادەوەری کۆمەڵیی نەتەوەیەکە)( بوقمرە، ١٩٧٥، ٢)، کەواتە زمان گوزارشت لە شوناسی نەتەوەیی گەلێك دەکات، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندی زمان و بیر پەیوەندیەکی قووڵەو زمان لە خۆشیدا بیرەکە هەڵدەگرێت، بۆیە زمانی کوردی ڕەگەزێکی سەرەکی شوناسی کلتور و ڕۆشنبیری جیهانە ، سیمای بوون و مانەوە و ئەو ستەمانەی بەرامبەر بە کورد کراوە بە درێژایی مێژوو، ئەمەش بەهۆی نەبوونی هێزو ژێر دەستیەوە بووە، واتە وڵاتێکی بەمەبەست کار لەسەر لاوازکردنی زمان و بەکارنەهێنانی دەکات، لەو وڵاتانەی کەکوردی بەسەردا دابەشکراوە، ئەمە جگە لە حیزبەکان و ڕاگواستن و ئەنفال..تاد، بۆیە شۆڕشی کوردی کارکردن لەسەر پاراستنی شوناسی زمان لە کردەیەکی نوسینەوە، کرد بە کردەیەکی جوڵەیی و شۆڕش و بەرەنگاری، ئەم حاڵەتەش بۆ هەموو شوناسەکانی تریش هەر ڕاستە.

زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دارشتنی ناسنامەی تاکەکەسی و کۆمەڵدا، چونکە لەمرۆدا تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو لەناو خۆیدا کولتوور و مێژوو و بەهاکانی نەتەوەیەک هەڵدەگرێت. زمان ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوە و دەربرینی داب و نەریتی کۆمەڵگەیە، وای لێدەکات ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووری، بەمانایەکی تر زمان بەشێکی گەورەی ناسنامەی تاک پێناسە دەکات، بەو پێیەی کە ئامرازێکە بۆ دەربرینی خۆی و پێکهێنانی بیرۆکە و دروستکردنی پەیوەندی، جگەلەمەش ئەو کەسەی بە زمانێکی دیاریکراو قسە دەکات زۆرجار شێوازێکی بیرکردنەوە و ڕەفتارکردن دەگرێتەبەر، کە لەگەڵ کولتووری ئەو زمانەدا بگونجێت، هەروەها زمان لە ڕێگەی پەیوەندی و هەستی سەربەخۆییەوە بەشدارە لە بنیاتنانی ناسنامەی کەسایی.

لەبارەی زمان و ناسنامەی نەتەوەییشەوە، شوناسی نەتەوەیی پەیوەندییەکی بەهێزی بە زمانەوە هەیە، بەو پێیەی هێمای یەکگرتوویی و سەربەخۆیی ئەو وڵاتانەیە، کە زمانی ڕەسەنی خۆیان دەپارێزن و بەشداریدەکەن لە چەسپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و پاراستنی کولتوورەکەیان لە لەناوچوون. بۆ نموونە کاتێک زمانێکی بیانی لەسەر حیسابی زمانی دایک زاڵدەبێت، ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی وەرینی شوناسی کولتووری و لەدەستدانی بەشێک لە کلتووری نەتەوەیی، کەواتە زمان تەنیا وشەی قسەکردن نییە، بەڵکو بەشێکی جەوهەرییە لە ناسنامەی مرۆڤ و لایەنی کۆمەڵایەتی، بۆیە پاراستنی واتە پاراستنی ئەو مێژوو و کولتوور و بەهایانەی، کە هەر نەتەوەیەک جیادەکەنەوە، بۆیە گرنگیدان بە زمانی دایک، وەبەرهێنانە لە ناسنامەی نەتەوەیی، بۆیە پێویستە لە بەرامبەر گۆڕانکارییە خێراکانی جیهانیدا، هەمیشە کار بۆ بەربەستەکان و جێکەوتەکان بکەین و لەمەترسییەکان دووری بخەینەوە، کەواتە شوناسی زمان هۆکارە بۆ شوناس کوردبوونمان، چونکە زمانی کوردی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پاراستنی شوناسی نەتەوەییمان، بەوپێیەی بە درێژایی مێژوو کورد ڕووبەرووی چەندین ستەم و ڕاگواستن و ئەنفال بووەتەوە، لەئێستاشدا پێشەکەوتن و تەکنەلۆژیا، بەڵام زمان بووەتە پردی پەیوەندی و بەستنەوەو پاراستنی شوناسی کوردبوونمان لە دونیادا.

**بەشی دووەم: جۆرەکانی شوناس لە شیعرەکانی شاعیردا**

شوناس لە شیعری نوێی و هاوچەرخی کوردی دا، هەمەچەشنتر و تێکەڵاوترە لەچاو ڕابردودا، بەو پێیەی چیتر سنووردار نییە لە ڕەهەندی نەتەوەیی، یان ئاینیەکاندا، ئەم فرەچەشنییە ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکاریانەیە، کە شیعری کوردی بەسەریدا هاتووە، بەو پێیەی شاعیر دەستیکردووە بە گەڕان بەدوای ناسنامەیکدا، کە گوزارشت لە خودی خۆی و ئەزموونەکەی بکات، لە هەمانکاتدا گۆڕاوە کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو بگرێت، بۆیە شوناس لە ئەدەبیاتی کوردیدا بابەتێکی دەوڵەمەند و ئاڵۆزە، بەو پێیەی بەر هەمە ئەدەبییەکان، پرسەکانی ناسنامەی تاک و دەستەجەمعی لە چوارچێوەی جیاوازی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیدا ڕەنگدەدەنەوە، لەبەرئەمەش ناسنامە لە شیعری کوردیدا بە چەندین شێوە دەردەکەوێت، کە لەگەڵ کات و شوێندا دەگۆڕێت، و لایەنە جیاوازەکانی سەربەخۆیی شاعیر ڕەنگدەداتەوە.

لەڕاستیدا شوناس لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا بە ماناو چەمکە هاوچەرخەکان بەکارهاتووەو ڕۆڵی خۆی لەناو دەقەکاندا دەگێڕێت، بەو مانایەی شوناس بریتیە لە پرۆسەی ململانێ و تەحەدی بوون و مانەوە لە ناو جوگرافیایەکی دیاریکرودا، کە بریتیە لە هەرێمی کوردستان و دواجار کۆی کوردستان، بۆیە پەیوەندی نێوان شوناس و شوێن پەیوەندیەکی کۆنەو بەهۆی بوونیەتی شوێن، شوناسی کەسەکەو لە ڕێگەی کارلێك و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا دروستی دەکات، بەمەش شوێن دەبێتە نیشانەیەکی گرنگی دروستکردنی شوناس، ئەمەش واتە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی کارلێکیەو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە شوناس ناونیشانی گەلەو هۆکاری جیاوازی نەتەوەییەکە لەنێو نەتەوەکانی تردا ، هەروەها هۆکاری سەربەرزی نەوەی ئێستا و ئایندەشە، لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندی شاراوە لەنێوان شوناس و نامۆبوون لە پەیوەندی مرۆڤ بەشوێنەکەوە هەیە کە بوونی دەسەلمێنێت، بۆیە دەست لێهەڵگرتن، یان نەناسینەوەی بەهەر هۆکارێك بێت، پەراوێزخستنی خودو مێژوەکەیەتی.

**١-شوناسنامەی نەتەوەیی:**

بریتیە لە کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی گەل و نەتەوەیەك، کە (لەچەند پەیوەندیەك پێکهاتووەو بەهۆیەوە دەناسرێتەوە)(جاب الله،٢٠٠٦، ١٣٥)، لەم بارەشەوە ندیم بیطار دەڵێت(لەدەرەوەی کۆمەڵگە شوناس بوونی نییە، چونکە تەنها نەتەوە شوناسی هەیە، ئیدی زۆرن، یان کەم)( بعلبکی، ٢٠١٣، ٢٤)واتە (شوناس بەرهەمی خودی تاك نییە، بەڵکو کارلێکی نێوان تاك و کۆمەڵگەو گەلانە بەدرێژایی مێژوو)(مسعودی،٢٠١٨، ٤٦)،هەروەها دەڵێت (شوناسی نەتەوە بریتیە لە شوناسی مێژویی، مێژووش ئەوەیە کە دروستیدەکات)( البیطار ، ١٩٨٢، ١٩) ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کە شوناس لەدەرەوەی مێژوو و کۆمەڵگە بوونی نییە.

sjh@univsul.edu.iq

یەکێك لە هۆکارە بنچینەییەکانی دیاریکردنی شـوناسـی نەتەوەیەك، ئەو پاشـخانە ڕۆشـنبیری و مێژوییەیەکە هەیە، لەگەڵ ئەوەی ململانێی سیاسـی و شـۆڕش و ئەو تەحەدیە دەرەکی و ناوخۆییانەی کە بەسـەریدا سـەپێنراون، نەیتوانیوە ئەم شـوناسـە بسـڕێتەوە، چونکە شوناسـی نەتەوەیەك بەدەستەجەمعی دروستدەبێت و پێناسـەشـی دەکەن، لە سـەردەمی نوێشدا، لەگەڵ سـەر هەڵدانی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم، شـیعر بوو بە ئامرازێک بۆ دەربڕینی شـوناسـی نەتەوەیی کورد، بە تایبەت لە بەرامبەر کۆلۆنیالیزمدا، بەوپێیەی شـاعیران مەیلیان بۆ شـکۆمەندکردنی نەتەوەی کورد و یەکگرتوییەکەی بەهێزتربوو، هەر بەهۆی ئەمەشـەوە شیعری ڕزگاریخوازی و شـۆڕشـی نەتەوەیی دژی داگیرکاری دەرکەوت، کە ماناکانی سەر بە نیشتمان و دۆزی کوردیان هەڵگرتبوو.

شـوناس چ وەك نەتەوە، یان دەوڵەت، لەو کاتانەوە دەسـتپێدەکات، کە ئەم دوانە بوونیاددەنرێت، بۆیە شـوناس نابەسـڕێتەوە بە کات و شـوێنەوە، لەگەڵ ئەمەشـدا لە ڕوانگە جیاوازەکـانەوە پێنـاسـەو ڕوانینی جیـاوازیشـی لەسـەردەکرێت، بۆ نموونە لە ڕوانگەی ئەنسـرۆپۆلیژیەکانەوە لە ڕوانگەی بنچینەیی و ڕەسـەنایەتی گەلەکەیەوە سـەیری دەکەن، و لای لاهوتیەکانیش پەیوەسـتی دەکەنەوە بە پێگەی کەسـێتی کەسـەکە بە خوداوە، لە زانسـتی سـیاسـیشـدا یەکێکە لە قەیرانە دیارەکانی سـیسـتمی سـیاسـی، بۆیە شـوناس هەموو ئەو پەیوەندیداریانە دەگرێتەوە، کە بوونەتە شـوناسـنامەو بوونی گەل و نەتەوەیەک، لەبەرامبەریشـدا لەپێناویدا چەندین بەربەسـت و ململانێ و.....تاد تێ پەڕاندووە، هەرئەمانەش خاسیەتەکانی دیاریدەکەن، لەم ڕوانگەوە شێرکۆ دەڵێت:

ئەم کێوانە ئەیانەوێ
بوومەلەرزە ڕایان ژەنێ
ئەیانەوێ خۆشەویستی و مەرگ
بەگەردوونیان بناسێنن
پشکۆ لە شەختەی سنگیانا دەربهێنن
ئەیانەوێ لووتکە نەگری و دنیا بەبارانێ تەڕبێ
ئەم کێوانە ئەیانەوێ
پرشنگ لە ئاسۆدا بگرن
ئەم شاخانە گەزنەفۆنی کۆن و نوێیان
خستووەتە ناو ئەشکەوتەوەو
دەمی ئەشکەوتیان بەتەرمی شەهیدەکانم بەستووە..بەرگی دووەم،٦٢

شـاعیر زۆر بە ڕاشـکاوی باس لەو گیانە شـۆڕشـگێری و نەتەوەییەی پێشـمەرگەو خەڵکی کورد دەکات کە لەپێناو ڕەوایی دۆزەکەیدا ڕووبەڕووی هەموو مەترسـی و هێزەکان بووەتەوە، ئەم فیداکاری و قوربانیدانەش وایکردووە ئەم کیانە نەتەوەییە بە یەکگرتوویی و بە بەهێزی بهێڵێتەوە، یان دەڵێت:

ئەمە ڕێگەی ئەو چاوانەن
لەقۆناغی مەرگا تۆو کرد
بەئەژنۆ مۆری بەردەمی ترسیان نەکرد
پشوونادا
ئەسپی خوێنی ئەم شاخانە
لەو ڕۆژەوە ئەحیلێنێ
کە ئەستێرەی قوربانی خۆی

sjh@univsul.edu.iq

لەگۆمی سەنگەردا دیوە

لەو رۆژەوە هەوری حیلەی ئەگرمێنێ

کەخۆی بەتۆفانی سەدەی

مردن بەپێوە ناسیوە...بەرگی دووەم،ل٦٨

ئەم دەقە بەئاشــکرا باس لە وشــەی پێشــمەرگەو ئەو گیان بەخشـــی و فیداکارییەی دەکات، کە هەم خەڵکی، هەم پیشــمەرگە لەپێناو نەتەوەکەیدا دەیدات، لەپێناو مانەوەو زیندوویەتی و بەدەستهێنانەوەی شوناسدا، یاخو دەڵێت:

کام شەهید پرسیوێتی

ئەو چەقۆیە سەرم ئەبڕی؟!

کام قوربانی هات و وتی:

مەرجی مردنم بۆ دانێن

لەم ناوەدا هۆزی مەرگ هەڵبژاردن، جێنیشتەیە

لەم ناوەدا تەنها بەفر فریشتەیە

هەناسەدان لەناو سنگی وڵاتێکدا

کەسییەکانی بەباروت داگرنەوە

خۆر چی لێدێ....بەرگی دووەم،٧٥

شاعیر ئەو کیانە نەتەوەییە بەهێزە نیشاندەدات، کە هەمووان لەپێناویدا بەبێ گوێدانە بەربەست و هۆکار، ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەو قوربانیدانن، یاخود دەڵێت:

رایان کرد و ماڵیان چۆڵ کرد

رایان کرد و ئاگریان بەردایە بێشکە

بێشکە گریا و بوو بە زوخاڵ

رووباریان کوشت... بەرگی دووەم،١٥٥

شـاعیر لەم دەقەدا کۆدەنگی خەڵکی کوردسـتان نیشاندەدات بەرامبەر ستەم و قبووڵ نەکردنی ژێردەسـتەیی، بەمانایەکی تر نیشـاندانی یەکیەتی و نەتەوەیی و زیندویەتی، بۆیە لەگەڵ هەموو ئەو شــتانەی لێی کراون، بەڵام ملی نەداوە و بەرگری لە پاراســتنی شــوناســی نەتەوەیی خۆی کردووە، یاخو دەڵێت:

دوژمن وتی:

چەتەیەکە بێ ناونیشان

بێ دایک و باوک

بێ کەس و کاربۆ بەیانی کە خۆر هەڵهات

بینییان وا:

لەبەردەمی مەیتخانەی ئەم شارەداکۆمەڵ کۆمەڵ

دەیان دایکی عەبا بەسەر

کوڕ لە کیوان

هاتوون تەرمی ئەو هەڵۆیە ببین و

sjh@univsul.edu.iq

بزانن کوڕی کامیانە؟!... بەرگی دووەم،٢٢٢

شاعیر زۆر بەجوانی شوناسنامەی پێشمەرگەو خەباتی کورد و پشتگیری و پشتیوانی خەڵکی بۆ خەبات و دۆزەکەی وەک یەک خێزان نیشاندەدات، بەوەی لەگەڵ ناوزڕاندن و ناشرینکردنی پیشمەرگە، بەڵام لەڕێگەی نێشاندانی خەباتی بە کۆمەڵەوە، ئەم وێنایە تێکدەشکێنێت و شوناسێکی نەتەوەیی دەبەخشێتە خەباتەکە، یاخود دەڵێت:

باشە کەستان هەتا ئێستە

لەتوولە ڕێ و

هەورازە ڕێ و

شەقامە ڕێتان پرسیوە

چ ڕێبوارێ

ساڵ دوانزەی مانگ

وەک ئەستێرە

وەک باڵندە وەکو هەور

چاوی لەتان و پۆتانە... بەرگی دووەم،٢٣٠

یان:

هەندێ کەس و هەندێ چەکی

کوڕی بەردی پیرەمەگرون ماونەتەوە

ئازاریان چۆڵ نەکردووە

گریانیان چۆڵ نەکردووە

خەزانیان جێنەهێشتووە

دوکەڵینان جێنەهێشتووە....بەرگی شەشەم،٦٩

شاعیر ئەوە دەخاتەروو، کە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان هەموو چیاو دۆڵەکانی گرتووەتەوەو لەپێناو ئازادی و بەرەنگاری هەموو ئەو شوێنانە شاهیدی خەباتی پێشمەرگەی کوردستان و ڕۆڵەکانیەتی، سەرەڕای هەموو ئەو مەترسی و قوربانیدانانەی کە پیشمەرگە و خەڵکی داویانە، بەڵام خەبات لەپێناو بووندا هەر بەردەوام بووە، یاخو دەڵێت:

چوارپەنجەرەین و

یەک ماڵین

چوار کارێزین و

یەک بەخچەو

چوار هەنگاوین و

یەک ڕێگا... بەرگی شەشەم،١٧٦

یان:

شاخ: شوناسنامەی خەباتی نەتەوەیی ئێمەیە

وەک دەڵێ: ئەم شاخانە گەزنەفۆنی

کۆن و نوێیان

خستوەتە ناو ئەشکەوتەوەو

دەمی ئەشکەوتیان نەتەرمی شەهیدەکانم بەستوە..بەرگی دووەم،٥٣

**٢-شوناسنامەی نیشتمانی:**

ئەم جۆرە شوناسە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا سەریهەڵدا، بەو پێیەی شیعر بوو بە ئامرازێک بۆ دەربڕینی خۆشەویستی نیشتمان و ئینتما بۆی، بۆیە شوناسی نیشتیمان ئەو جۆرەیە کە شاعیر لە ڕێگەی خاسیەت و تایبەتمەندی نیشتمانەوە، لەشیعرەکانیدا دەیخاتەڕوو، لەم ڕوانگەوە پرسەکانی ناسنامەی نیشتیمانی و ناسیۆنالیزم لە ئەدەبیاتی کوردی مۆدێرندا بەرجەستە بوون، بەتایبەتی لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم و سەربەخۆییدا، بەوەی شیعر باسی لە ململانێی نێوان گەلی سەر بە نیشتمان و هەژموونی بێگانە کردووە، وەک لە شیعری شاعیردا کە شوناسی کوردی کردووە بە تەوەرێکی ناوەندی لە بەرهەمەکانیدا، بەشێوازێک شوناسی نیشتیمانی دیارترین سیمای شیعری شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسە، واتە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هەمیشە کوردستان بەگشتی و هەرێمی کوردستانی عیراق بەتایبەتی بەشێکی دانەبڕاوە لە شیعرەکانی و پێکەوە جوانی هەمیشە بەشێکە لە پێکهاتەی نیشتیمان و لای شاعیر هەم ڕەهەندی سیاسی ، هەم مرۆیی هەیە، بەمەش نیشتیمان بەشێوە ئاساییەکەی و بەپێی نەخشەی جوگرافی نەخراوەتە ڕوو، بەڵکو نیشتیمان ڕۆشنبیری و هۆشیاری و هەوڵ و خەباتە، بەمەش تواناو داهێنانی شاعیر نیشاندەدات، کە نیشتیمانی بەم شێوازە ناساندووە و شوناسی پێبەخشیوە، بۆنموونە:

هاتووم با فێرم بکات

چۆن روبار راژەنم

هاتووم بەرد فێرم بکات

لەسەر ئەو چۆن بڕوێم

هاتووم ڕەگ فێرم بکات

لەکوێوە بگەمە دڵی خاک

هاتووم گوڵ فێرم بکات

شیعر چۆن جوان ئەبێ

هاتووم مەل فێرم بکات

تەماشام چۆن بفڕێ

من هاتووم بۆ ئەوەی ئەم ئاگرە گەورەیەی

ئەوینی نیشتمان تێم بەربێ.... بەرگی سێیەم،٥٠٦

لەم دەقەدا شاعیر وێڵە بەداوی پاراستنی نیشتمان و دیاریکردنی شوناسەکەی، بۆیە شوناسی نیشتیمانی یەکێکە لە گرفتەکان لەسەردەمی نوێدا، لەگەڵ ئەوەی شوناس میکانزمێکە، کە لە ڕێگەی باو و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە چ وەك لایەنی ماددی، کە نیشتیمانە، چ وەك لایەنە مەعنەویەکەو دواجار بووەتە هۆشیاریەکی مەعریفی تاکەکان، بۆیە نیشتیمان لای شاعیر بریتی نییە لە خاك و ماڵ و..تاد، بەڵکو بریتیە لە مرۆڤ، بەمەش پەیوەستە بەوەی دەسەڵاتی بەسەردا هەیەو ئەمەش ڕەتدەکاتەوە، چونکە وڵات و نیشتیمان بریتیە لە کەرامەت و سەربەرزی و ئازادی بەبێ ئەمانە نرخی بۆ نامێنێتەوە، بۆیە(شاعیرەکان لە ئەنجامی گرێدانی ئەدەب و نیشتیمان پێکەوە، گوزارشتیان لە نیشتیمان کردووە) (عبید،٢٠٠٨، ٢٦٤)، ئەمەش پەیوەندی مرۆڤ بە نیشتیمانەوە دەخاتەڕوو، هەروەها دەڵێت:

لەبەردەم درۆدا

ئەمەوێ هەرکەڕبم

لەبەردەم مردنی ئازیزدا

بمەوێ و نەمەوێ

کوێر ئەبم، لاڵ ئەبم

لەبەردەم راستیشدا

هەرئەبێ دانەوم و

کڕنوشی بۆ بەرم

وەلێ من

رۆژانی کەڕبوونم ناژمێردرێن هێند زۆرن

رۆژانی لاڵبوون و کوێربوونم کەم نین و

ژمارەی کڕنووشم

هەر هێجگار دەگمەن..... حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک،١٢

شــاعیر دەیەوێت بڵێت خەبات و کارکردن لەپێناو نیشــتماندا حەقیقەتیکی بوونیەو لەپێناویدا چەندین قوربانی و شــەهیدمان داوە، بەڵام هیچ کاتێکیش لەڕاســتیەکان و حەقیقەتەکان لامان نەداوە و لەگەڵ ئەوەین کە لەم نیشــتمانەدا هەموویان بەیەکەوە بەئازادی و ســەربەرزی بژین، چونکە نیشتمان ماڵی هەمووانە، یاخود دەڵێت:

لەم کۆچەدا

ئەمە هەموو نیشتمانە

چوار دەنکە ترێی هەڵوەریو

لەناو دڵماو

دڵیش زیندانی گەڕۆکەو

شاربەشاری ئەم جیهانەش

وەردیانە..بەرگی دووەم،٧٤٣

شــاعیر لەڕێگەی ناوهێنانی (یادەوەری پاســکیلێکی کەرکوکی) و باســکردن لە تایبەتمەندی و پێگەو گرنگی پەیوەندیداری، انتما)ی خۆی بۆ نیشتیمان و شوناسی نیشاندەدات، بۆنموونە شاعیر لەڕێگەی چەند شێوازەوە شوناس دەخاتەڕوو، بۆنموونە:

هەموو جارێ کە تەنیا بم و هەرخۆم بم

ئەڵێم خوایە بۆچی نەتبردمە وڵاتێ

دوور لە شەڕو شۆڕ و کوشتار

بۆ بەر برۆکسل نەکەوتم.... یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی ،ل٧

**٣- شوناسنامەی تاک و کەسی**

ناســنامەی تاک لە شــیعری کوردی هاوچەرخدا لە ئەنجامی گۆڕانکارییە فیکری و کۆمەڵایەتییەکان ســەریهەڵدا، بەو پێیەی شــاعیر دوور لە چوارچێوە دەســـتەجەمعیەکان، دەســـتی کرد بە دەربڕینی خۆی و هەســـتەکانی. ئەمەش لە نیگەرانییەکانی مرۆڤی کوردی هاوچەرخی وێنا کردووە، شێرکۆ لە شیعرەکانیدا شوناسی خۆی دەبەستێتەوە بە دایکییەوە، ئەمەش لە خۆشەویستی دایک و خستنەڕووی ڕۆڵ و پێگەی ژنە لەکایە جیاوازەکانەدا، بۆیە لە یادی ژناندا چامەیەکی تایبەت دەنوسێت و دەڵێت:

ئەمڕۆ من ناوم
شێرکۆ شەفیقەیە!!
تکایە لەم یادەدا گوڵ وشەو
بزن و موستیلەو گەردانەی ژنان
هەر بەو ناوەوە بانگم بکەن و
لەدەفتەری
خۆشەویستی خۆشیاندا هەر بەو ناوەوە
بمخوێننەوەو بمنووسنەوە.....بەرگی سێیەم،٦٢٨

هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەزموونی کەسیی و ناسینی خۆی وەک تاک و بوون، وەک مێژوو، پاشان شاعیر، کە گوزارشت لە خود و شوناسی نەتەوەیی تێکەڵ کردووە، بۆیە شوناسنامەی کەسی ئەو جۆرەیە کە شاعیر لەڕێگەی گوزارشتکردن لەخود، شوناسەکە دەستنیشاندەکات، بەوەی شوناسەکە لە ڕۆح و کرۆکی مرۆڤەکەوە بۆ دۆزەکە دەخاتەڕوو، یان (بریتیە لە ناساندنی کەسێك لە ڕێگەی تایبەتمەندی و خاسیەتی جەستەیی و لێهاتویی و...هتد، کە لە خەڵکی تر جیادەکاتەوە، هەر وەك پەنجەمۆر، یان دی ئێن ئەی ئەو کەسە، یاخود بریتیە لەخودیەتی کەسەکە، بەهاکەشی بەهۆی هەستکردن بەخۆی، گونجاوی خودو دەروونی، چۆنیەتی پارێزگاریکردن لەسەر بەهای تاك، لە ناو کۆمەڵگەکەیدا دیاریدەکرێت و شوناس لەسەر بنەماو پرەنسیپی یەکیەتی بوون دروست دەبێت و هەرگیز جیانابێتەوە، چونکە شوناس خودەو خودیش هێندەیی نییە، هەربۆیە ئەدەب تیشک دەخاتە سەر ناسنامەی کەسیی تاکەکان لە بەرامبەر تەحەددای کۆمەڵایەتیدا، بەو پێیەی شاعیر باس لە قەیرانی مرۆڤی کورد لە نێوان واقیعەکەی و تەماحەکانیدا دەکەن، وەک دەڵێت:

ڕۆژی زەمین بورکانی بوو
بورکانیش کوردستانی بوو
کوردستانیش کوڕی وەکوو
ئاراراتی لێکەوتەوە
ئاراراتیش کوڕی لێ بوو
کوردیش دوانەی چەوسانەوەو تێکۆشانی
بەیەک سک بوو
لەو دوانەش
ڕێگەی وەکوو یلماز گۆنای لەدایک بوو..بەرگی دووەم،٥٩٢

شاعیر لێرەدا لەلایەک شوناسی تاکی کورد کە بریتییە لەبەرهەمی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی ناو خێزانەکان،لەلایەکی ترەوە نموونەی کەسێکی وەک یەڵماز گونای دەناسێنێت، کەبووەتە شوناسێکی بەهێزی تاکی کوردی لە بوارە جیاوازەکاندا، لەلایەکی تریشەوە شوناسی کوردستان وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و قوتابخانەی پێگەیاندن دەناسێنێت، کەواتە بەهای شوناس لای شێرکۆ، دواجار کورد ڕاستەخۆ پەیوەستە بەشوێنەکەوە کە کوردستانە، هەر ئەم شوێنەش بەستراوەتەوە بە کۆی نەتەوەیەك کە کوردە، بۆیە هەر کاتێك کار لەسەر سڕینەوە، یان لاوازکردنی جوگرافیا، یان شوێن دەکرێت، ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر شوناس هەیە، بۆیە لەمەسەلەی شوناسدا شوێن تەنهاماڵێك، یان شوێنێك نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێتەوە بە بوونەوە، ئەوەی کە دوژمنەکان بەرامبەر بەکورد دەیکەن، وایکردووە کە گومان لە شوناسی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆمان بکەین، ئەمەش ئامانجەکەیە، بۆیە لەسەر هەموانە کار لەسەر زیندوکردنەوەی شوناس و پاراستنی نیشتیمان بکەین، ئەمەش بە بوونی هەڵوێست دەبێت، وەک دەڵێت:

مامە ڕیشە

ئەی پڵنگی چنگ بەکرێ گەرمیانم

بەیتی تازەی توحفەی ئەمڕۆی کوردستانم

لەماڵانی گوند بەگوندی هەڵقرچاوا

تۆ قوتیلەی بەر هەیوانی

داسی دروێنەو هەتاوی

سەر بانێژەی زستانی

مانگەشەوی هێشووی رەزو

ئاگری شوانی.... بەرگی دووەم،٣٢٤

**٤- شوناسنامەی فێمینیستی:**

یەکێک لە سیما دیارەکانی شیعری کوردی هاوچەرخ، سەرهەڵدانی ناسنامەی فێمینیست بووە، کە گوزارشت لە پرسەکانی ژنانی کورد و ئەزموونە کەسی و کۆمەلایەتییەکان دەکات، بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس بە شیعر شوناسێکی تایبەتی ژنانی خستوەتەڕوو، بەوەی تیشک دەخاتە سەر ئازار و ململانێی ژنان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری، ،بەمەش شێرکۆ بێکەس ڕەهەندێکی نوێی بۆ چەمکی شوناس لە شیعری کوردیدا زیاد کرد، ئەم ڕوانینانەش لەدیوانی( ملوانکە) شاعیردا دەبینرێن، وەک دەڵێت:

لەم ڕۆژهەلاتەدا

هەرچێکم کرد بۆئەوەی لەبەردەم

یەک ئاوێنەدا

هەردوو وشەی ئازادی و ژن

لەسەر دوو کورسی بەتەنیشت یەکەوە دانێم

بێهوودە بوو، هەموو جارێکیش

وشەی کۆمەڵ بەسمێڵێکی فشەوە ئەهات و

بەرماڵێکی لەبن دەستداو

خۆی لە جێی ژن دائەنیشت.... حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک،ل٩

یان:

ئەی شیعری جوان

ماڵەکەمان گەر ئەتەوی ماڵەکەمان پێبزانی

ناونیشانیم داوەتە دەست بایەکی وێڵ

کە تەنیایی ژن شەقامی و

کەزریکەی ژن گەڕەکی و

کە تەوتمانیش ماڵێتی.....بەرگی حەوتەم،١٢٧

شاعیر لەم دەقەدا نەک هەر کورد، بەڵکو تەواوی ڕۆژهەلاتی هێناوەتەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای کلتورو ئاین بریاری داوە، کە لەئەنجامی قۆستنەوەی دەرفەت، هەموو شتێک لە پێناو و خزمەتی پیاودا بووە و ژن جگە لە پاشکۆیەکی بێ دەسەلات، هیچی تر نەبووە، یاخود دەڵێت:

sjh@univsul.edu.iq

ژورەکەی منیش شیعری جوان

لەئەرزەوە هەتا بنمیچ

لەغەزەبی ریشی باوکم دروست بووەو

لەتورەبوونی سمێڵی براکانم و

لەچەوولمی تەشەری خاڵ و مام و

لەبلۆکی سەرزەنشتی هەموو خزمان......بەرگی حەوتەم،١٢٨

هەموو حەزاێک دوو ژووری هەیە

هەموو یاسایەک دوو ژووری هەیە

لەم وڵاتەدا

لەو دوانانەدا

کامیان پەڕپووت ترو

لەهەتاو دوورترو

دڵتەنگترو

نەنگوازترو

شیدارترە

ژووری ژنە.... ......بەرگی حەوتەم،١٤٣

ئەم دەقانەش دووبارە ڕۆچوون و وردی شـــاعیرە لە تەواوی کایەکەو یاســـاکان، بەوەی لە هەموویاندا ژن قوربانیدەرو ماف خوراو کۆتکراوە، بەشـێوازێک هیچی لە دواکەوتوویی رابردوو کەمتر نییە، بەمەش داوای ئازادی و یەکسـانی ژنان دەکات لە تەواوی بوارو لایەنەکاندا.

**٥-شـوناسـنامەی بەرەنگاری و بوون:** یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شـیعری شـاعیر، شـیعری بەرەنگاریە، شـیعری بەرەنگاریش راسـتەوخۆ پەیوەسـتە بە پاراسـتنی شـوناس و بوونی گەل و نەتەوە، چونکە شـۆڕشـگێڕان کاریان بۆ دەسـتەبەرکردنی بوون و داننان بەشوناسیان و گۆڕین و تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە ستەمکاریەیە کردووە، بەمانایەکی تر کورد لەپێناو پاراستنی شوناس و بوونی خۆیدا وەک نەتەوەیەک هەمیشە بەرەنگاری سەرجەم ستەمەکان بووەتەوەو ئەم گیانی ڕووبەڕوونەوەیەش وای کردووە کە کورد بە زیندویەتی بمێنێتەوە، وەک دەڵێت:

پێشمەرگە!

تۆ خورەپەی ئەم دڵە شەیدایەی هەڵبەستمی

تۆ خامەی تۆ پەنجەی بزوێنی دەستمی

ئێستاکە کێم هەیە تۆ نەبی

کەسم تۆی

بەستەم تۆی

هەستم تۆی

ئەگەر ئەتەوێ کەشکۆڵم

بکەیتە سەرینت

ئەمبەرو ئەوبەری سەردێڕم

ببێتە دوربینت

وا منیش دەمەوێ داستانی دابان و

هەڵلاجی زۆرترم گوێ لێ بێ

تا منیش هەڵبەستی سبەینێم

ببێتە قەنناص و

سەری دڵی شاعیری دەرباری داگیرکەر

بپێکێ!...بەرگی دووەم، ٣٢٥

شـــاعیر لەم دەقەدا لەلایەک شـــوناســـی پێشـــمەرگە دەخاتەڕوو، لەلایەکی ترەوە کردویەتییە هێماو شـــوناســـی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر ستەم و دیکتاتۆری، بەمەش لەئەمجامی ئەو خەبات و داستانەی کە بناغەو شوناسی شۆڕش و شۆڕشگێری پێ بونیادنراوە، ئەم شوناسی بەرگرییە دەناسێنێت.

**٦-شـوناسـنامەی ئازادی :** مەبەسـت لەو جۆرەیە هەموو کارو خەباتەکان لەپێناو بەدەسـتهێنانی ئازادی و  هێنانە ئارای زەمینەیەکی ئازاد و لە بار بووە بۆ مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی، ململانێی شـوناس و بەرەنگاری و  بوون، گوزارشـت نییە لە ململانێی (من) بە تاك، بەڵکو ململانێیە لە پێناو هێنـانەدی (ئێمە) کۆمەڵەی خـاوەن بوون و ئـازادی و هۆشـــیـاری، بەمـانـایەکی تر دیوێکی تری شـــیعرە بەرەنگارییەکان، نیشـاندانی خواسـتی ئازادی و سـەربەخۆییە، بەوەی کورد هەموو خەباتێکی لەپێناو ئازادی خۆیدا بووە، نەک خواردنی مافی هیچ گەلێکی تر، بۆیە کورد یەکێکە لەو گەلانەی کە خەباتی لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و مافی خۆی کردووە، نەک داگیرکردن و زەوتکردنی ئازادی ئەوانی تر، وەک دەڵێت:

لەوڵاتی مندا

ڕۆژنامە بە لاڵی لەدایک ئەبێ

لەوڵاتی مندا

رادیۆ بەکەڕی لەدای ئەبێ

لەوڵاتی مندا

تەلەفزیۆن بەکوێری لەدایک ئەبێ

ئەونەی لەوڵاتی منیشدا بیانەوێ

بەساغی لەدایک بن

لاڵیان ئەکەن و ئەیانکوژن...بەرگی دووەم،٧٦٠

یان:ئەی باکور

باکووری سێدارەو زیندانی مانگی ئاڵ

ئەی مەمۆ، ئەی چەتۆی

داستانی برسێتی و نانی تاڵ

ئەو وەختەی کەلەپچەی رژێمی ئەستەمووڵ

کەلەپچەی رژێمی گورگە بۆر

دەست و پێی گۆرانیی

sjh@univsul.edu.iq

دەرسیمت ئەبەستێ

ئازادیت ئەداتە بەر سوونگی

درەختی باخانت ئەکوژێ

ئەستێرەت سەرئەبڕی

من هاتووم بۆئەوەی

خوێن بدەم بە کەژی ڕەنگ زەردو

بەپەیژەی لاشەما

ئازادیی سۆران و بادینان

پێکەوە سەردەکەوێ...بەرگی دووەم، ٣١٠

شــاعیر لەم دەقانەوە ئەو ســتەم و ئازارانە نیشــاندەدات، کە کورد لە هەر چوار پارچەکەدا لەبەرامبەر داوای بوون و شــوناســیدا ڕووبەرووی ئەم ستەمە دەبێتەوە، ئەمەش لەلایەک نیشاندانی زیندویەتی شوناس و ئازادی کوردستان نیشاندەدات، لەلایەکی ترەوە خەبات و قوربانی و شۆڕشگێری، لەگەڵ ئەمەشدا سووربوون و نەسرەوتن، بووەتە هێزی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە، یاخود دەڵێت:

کە ئازادیش نەبوو ئیتر

گوڵ یەعنی چی و

ژن و مۆسیقا یەعنی چی و

شیعر چیە و

ژیان خۆی چی؟!...خێراکە مردن خەریکە بگات، ١٨٤

**تایبەتمەندییەکانی قەیرانی شوناس لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا**

قەیرانی شوناس یەکێکە لەو پرسە دیارانەی کە شێرکۆ بێکەس لە شیعرەکەیدا باسی دەکات، بەو پێیەی ئەو کارەسات و دەربەدەری و ئاوارەیی...تاد کە بەسەر کورددا هاتووە، هەرئەمەش تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئەزموونە شیعرییەکەی پێکهێناوە، هەربۆیە شێرکۆ لە ڕێگەی ململانێی نێوان خود و نیشتمان و دژایەتی نێوان سەربەخۆیی و نامۆبوون، جگە لە هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ پێناسەکردنەوەی ناسـنامەی نەتەوەیی و ئینســانی لە نێو قەیرانە سـیاســی و کۆمەڵایەتییەکاندا، قەیرانی ناسـنامەی بەرجەسـتە کرد، جگەلەمەش قەیرانی ناســنامەی شــێرکۆ بێکەس تەنیا پرســێکی کوردی نییە، بەڵکو ئەزموونێکی ئینســانییە کە گوزارشــت لە ململانێی مرۆڤایەتی لەگەڵ لەدەستدان و دەربەدەری و سەربەخۆیی دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا شیعری کردە ئاوێنەیەکی ئەم خەباتە، هەوڵیدا ئازار بگۆڕێت بۆ داهێنان، و لەدەستدان بۆ زمانێک کە شوناسێکی نوێ بنیاتبنێت، کە توانای بەرگەگرتنی هەبێت، سەرەڕای بەربەست و ئاڵەنگاری و تەحەدیەکان، ئەو تایبەتمەندیانەش بریتین لە:

**١-دەربەدەری و نامۆبوون**

شــێرکۆ بێکەس هە لە ســاڵی(١٩٧١)ەوە، ڕووبەڕووی لەدەســتدانی شــوێن و هەســتکردن بە زێد و نیشــتمان بووەتەوە، بەهۆی دوورخسـتنەوەی بۆ هیت، ئەمەش وایکردووە بەردەوام ناسـنامەی خۆی بخاتە ژێر پرسـیارەوە. لە شـیعرە بەناوبانگەکەیدا (کۆچ)ئەوە دەخاتەڕوو کە تووشی دەربەدەری و نادادی بووەو هەستی نامۆبوونی نیشتمان دەردەبڕێت، وەک دەڵێت:

sjh@univsul.edu.iq

کۆچی ئێوە.... سەرقافڵەی برسێتی بن

لەگەڵتانم

کۆچی ئێوە.. بارگەی خەمی

زەردو سووری تیا بخەن و

دەستی درەختی بێ ئاوی تێدا بگرن

لەگەڵتانم..بەرگی یەکەم، کۆچ،٥٨٦

یان:

کۆچی زریان...لەکاتەوە دەستی پێکرد

کە جۆگەلە لەسەرچاوەو

رووبار لە زەریا یاخی بوو

کۆچی زریان...لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد

کە شمشێری بروسکەکان

ئەچوون بە گژ هەوری تاڵداو

داوای چاوی جوانی گەلاوێژیان دەکرد... بەرگی یەکەم، کۆچ،٥٨٨

یان:لەم وەرزەدا .. کەخێڵ بەرەو زەنوێر ئەڕوا

لەم وەرزەدا.... کە هەناسەم

سیروان لەگەڵ خۆیدا ئەیبا

ئەیبا وەکوو ئەو چڵانەی

بەشوێن لق و پۆیدا ئەگریین!

ئەیبا وەکوو ئەو چۆلەکە خنکاوانەی

نەخوێندیان و نە تەماشای دنیایان کرد

کێ ئەزانێ ئەتبینمەوە؟! بەرگی یەکەم، کۆچ،٥٩٣

بەڵام لە شیعرەکانی تردا، وەک لە دیوانی دەربەندی پەپولەدا، شـاعیر لە حاڵەتی لەدەسـتدانی بوونگەراییەوە بەرەو هیواو هەسـتانەوە دەردەکەوێت، بەمەش بەهای شوناس لە ژێر ڕۆشنایی لەدەستدانی نیشتمانێکی ڕاستەقینەدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە، وەک دەڵێت:

هاتووم با فێرم بکات

چۆن رووبار راژەنم

هاتووم بەرد فێرم بکات

لەسەر ئەو چۆن بڕوێم

هاتووم گوڵ فێرم بکات

شیعر چۆن جوان ئەبێ.... بەرگی سێیەم/ دەربەندی پەپوولە،٥٠٦

**٣-ململانێ لەنێوان شوناسی تاک و کۆمەڵدا**

شـێرکۆ پێی وابوو کە ناسـنامەکە تەنیا ناسـنامەیەکی کەسـی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی شـوناسـێکی بەکۆمەڵە، کە پەیوەسـتە بە دۆزی کوردەوە، بۆیە هەوڵدەدات سەرلەنوێ ناسنامەی ئومێد سەرباری ئازارەکان دووبارە دابڕێژێتەوەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە شوناس تەنها

پەیوەندییەکی جوگرافی نییە، بەڵکو دۆخێکی سۆزداری و ڕۆحیشە، بۆیە شێرکۆ نەک هەر بە دوای ناسنامەی خۆیدا وەک کوردێک نەگەڕا، بەڵکو لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی شوناسی دەستەجەمعی گەلەکەی بوو. لەم شیعرەدا ، ئەو ئازارە دەردەبڕێت کە کوردەکان نەک تەنها بەهۆی داگیرکارییەوە، بەڵکو هەندێکجاریش بەهۆی کاری جیاواز دروستکردن و بارودۆخە سەختەکان بۆیان دەناڵێنن، وەک دەڵێت:

شاخ وتی شۆڕش رووبارە

جرێ تیژ و جارێ خاو

هەندێ جاریش بێ بوارە

روبار وتی شۆڕش شاخە

جارێ لوتکەو جارێ گەورەو

هەندێ جاریش بن بنارە

درەخت وتی شۆڕش وەکو دارستانە

جرێ رووتەو جارێ وشکەو

هەندێ جاریش چرستانە

ئەم جارەیان زەوی وتی:

سەڵێن شۆڕش ژیان..بەرگی دووەم،٦٢٠

**٤-دووبارە دارشتنی شوناس لە ڕێگەی شیعرەوە**

شێرکۆ تەنیا شاعیرێک نەبوو کە باسی قەیرانی ناسنامەی دەکرد، بەڵکو لە ڕێگەی وشەوە، ئەم قەیران و ترسەی دارشتەوە و کردیە دۆزێکی گرنگ و هاوتایکرد بە قوربانی نەتەوەیەک، هەربۆیە ئەو لە سنووری شوناسی نەتەوەییەوە نەوەستا، بەڵکو تێپەڕاند بۆ شوناسی مرۆڤ و باس لە مردن و بوون دەکات بە شێوەیەک کە گوزارشت لە گەڕانی بەردەوامی خۆی دەکات بۆ مانای شوناس لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسەت، وەک دەڵێت:

تەورێ هات، تەورێ ڕۆی

بەڵام تۆ هەر سامی ئەم ئەم مێژووە چرە بوویت

مەرگێ هات و مەرگێ ڕۆی

بەڵام تۆ هەر هاژەو هەر لرفەی

ئەم ئاو و ئاگرە بووی

ئەم سۆزەی تۆ ئاوە

ئەم دەنگەی تۆ ڕەگە

ئەم عەشقەی تۆ بەردە... بەرگی سێیەم،٥٤٢

یان: ئەو کە هات دڵنیام

لەگەڵ خۆی نیشتمان دەهێنێ

لەقولی مشتیدا کێوان و لەپێڵوی ماندوویدا

دەریاچە دەهێنێ... بەرگی سێیەم،٦٠٢

شێرکۆ هەوڵیداوە ڕەهەندی سیاسی تێپەڕێنێت بۆ ڕەهەندی وجودی و ئینسانی، بەتایبەتی لە دیوانەکانی( دەربەندی پەپولە، کەشکۆڵی پێشمەرگە)، مامەڵە لەگەڵ شوناسدا دەکات وەک حاڵەتێکی گۆڕاو، بە شێوەیەک لەبارەی مردن و نەبوونی و نۆستالژیا دەنووسێت، بەشێوازێک شوناس دەکاتە شتێک کە جوگرافیا و سیاسەت تێدەپەڕێنێت.

**ئەنجام**

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

١-شوناس لە ئەدەبیاتی کوردیدا، تەنها ڕەنگدانەوەی واقیع نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ دووبارە دارشتنەوە و تێگەیشتن لێی، بەو پێیەی ئەدەب وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی گۆڕانکارییە کۆمەلایەتی و کولتوورییەکان بەکاردێت، ئەمەش وایکردووە ببێتە ئاوێنەی ئەو گۆڕانکاریانەی، کە کۆمەڵگە کوردیی بەخۆیەوە دیووە.

٢-شوناس لە شیعری کوردیدا بەجێگیری نەماوەتەوە، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات پەرەدەسەنێت، چونکە لە ژێر کاریگەری گۆڕاوە سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتوورییەکاندایە، هەر لە شوناسی ئیسلامی و شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەوە بۆ شوناسی مرۆڤ لە سەردەمی نوێدا، بۆیە شیعری کوردی وەک ئاوێنەیەک دەمێنێتەوە کە گوزارشت لە ململانێی مرۆڤی کورد دەکات لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوویدا.

٣-شوناس لای شێرکۆ بەرامبەرە بە بوون و مانەوەو خەبات، لەم پێناوەشدا هەموو قوربانییەکی دراوە.

٤-شێرکۆ بێکەس زۆر بە وردی باسی لە شوناس بە هەموو جۆرەکانەوە کردووە، چونکە خەباتی ئێمە خەباتی مانەوە بووە.

٥- شاعیر لە زۆربەی دیوانەکانیدا شوناس پانتاییەکای زۆری داگیرکردووە، چونکە کۆی خەباتەکان لەم پێناوەدا بوون.

**سەرچاوەکان:**

**کوردییەکان:**


١-بێکەس، شێرکۆ، (٢٠٠٩)دیوانی شێرکۆ، بەرگی یەکەم، سوید

٢- بێکەس، شێرکۆ، (٢٠٠٩)دیوانی شێرکۆ، بەرگی دووەم، سوید

٣- بێکەس، شێرکۆ، (٢٠٠٩)دیوانی شێرکۆ، بەرگی سێیەم، سوید

٤- بێکەس، شێرکۆ، (٢٠٠٩)دیوانی شێرکۆ، بەرگی چوارەم، سوید

٥- بێکەس، شێرکۆ، (٢٠٠٩)دیوانی شێرکۆ، بەرگی پێنجەم، سوید

٦- بێکەس، شێرکۆ، (٢٠٠٩)دیوانی شێرکۆ، بەرگی شەشەم، سوید

٧- بێکەس، شێرکۆ، (٢٠٠٩)دیوانی شێرکۆ، بەرگی حەوتەم، سوید

٨- بێکەس، شێرکۆ، (٢٠٠٩)دیوانی شێرکۆ، بەرگی هەشتەم، سوید

٩- بێکەس، شێرکۆ، (٢٠١٦)یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندیشە، سلێمانی

١٠- بێکەس، شێرکۆ، (٢٠١٦) خێراکە.. مردن خەریکە بگات، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندیشە، سلێمانی

١١- بێکەس، شێرکۆ، (٢٠٠٥)کورسی،چاپ و بڵاوکراوەی نما، سلێمانی

هەژار،(١٣٨٩)،هەنبانەبۆرینە، سروشت، تهران

**عەرەبییەکان:**

-أحمد، د. محمد خليفة حسن(١٩٩٧) ، آثار الفكر الاستشراقي والمجتمعات الإسلامية، ط1، مطبعة عين للدراسات والبحوث الإنسانية والاجتماعية.

٢-ادونيس،(٢٠٠٩) ، الحوت الزرق، دار ادب، بيروت

٣-بايار ،جان فرانسوا (١٩٩٨)،اوهام الهوية، ت:حليم كسوان،دار العالم الثالث،القاهرة.

٤-برهومه، عيسى (٢٠١١)،الهويه و زين التحولات،مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

٥-بعلبكى احمد، و اخرون(٢٠١٣)،الهوية قضاياها فى الوعى العربى المعاصر،، مكتبة مؤمن قريش، بيروت.

٦-البيطار، نديم (١٩٨٢)،حدود الهوية القومية ،دار الوحدة، بيروت.

٧-توصيل، محمد (٢٠٠٢)، هذه هى العولمة،ط١، مكتب فلاح، الاماران.

٨-الجرجانى، احمد (د.ط)، معجم التعريفات، دار الفضيلة، القاهرة

٩-حنفى، حسن (١٩٩٢)،التراث و التجديد، ط٤،مؤسسة الجامعة للدراسات،النشر و التوزيع.

١٠-ديكارت(٢٠٠٩)، التاملات فى الفلسفة الاولى،ت:عثمان امين، القاهرة، المركز القومى للترجمة.

١١-روبرت، ماكيفر، بيدج ، شارلز (١٩٧١) ، المجتمع، ت:د.السيد محمد العزاوى و اخرون، القاهرة.

١٢-روشيه، غى، (١٩٩٣)، مدخل الى علم الاجتماع العام، مصطفى دندشيلى، المؤسسة العربية للدراسات النشر، بيروت

١٣-ريكور بول، (٢٠٠٩)، الهوية و السرد، ت:حاتم الورفلى،مكتب الفلسفية،تونس.

١٤-الســـرحاني، د. محمد بن ســـعيد(1427ه)، الأثر الاســـتشـــراقي في موقف محمد أركون من القرآن، مجمع الملك فهد للطباعة المصاحف، المملكة العربية السعودية.

١٥-الفارابى، محمد ابى نصر (٣٣٩)، التعليقات، مجلس دائرة المعارف العثمانية، بحيدر.

١٦-كانت(٢٠٠٢)، تاسيس ميتافيزيقيا الاخلاق، ت:عبدالمغفار مكاوى، القاهرة.

١٧-مجمع اللغة العربية(٢٠٠٨)،الوسيط،مكتبةالشروق الدولية،ط٤،القاهره.

١٨-ميداني، عبد الرحمن حسن حبنكة(٢٠٠٠) ، أجنحة المكر الثلاثة وخوافيها، ، ط8، دار القلم، دمشق.

١٩-ميكشللى، اليكس (١٩٩٣)، الهوية،ت:وطفة دارالوسيم،دمشق.

٢٠-هنتنجتون، صمويل ب، (٢٠٠٩)، من نحن؟ ت:احمد موختار الجمال، المركز القومية الترجمة ، القاهرة.

**نامە:**

١-جاب الله، سعاد ولد (٢٠٠٦)، الهوية الثقافية العربية، من خلال الصحف الاكترونية، ماجستير، جامعة الجزائير

٢- بوديه، ريم، (٢٠٢٠)، تجليات الهوية فى الشعر الجزائيرى المعاصر، رسالة ماجستر، جامعة غردادية ، الجزائير

٣-عياشو ساره (٢٠١٧)، انعكاسات العولمه على الهوية الثقافية عند محمد عابد الجابرى،رسالة ماجستر، جامعة قالمة ، الجزائير ،

**گۆڤار:**

١-بوقمره، هشام (١٩٧٥)،اللغة العربية،أمام تحديات المستقبل ، الحياة الثقافة، السنة، العدد، حزيران

٢-حامد، طلال (٢٠٢٠)، الهوية الوطنية العراقية و افاق المستقبل، مجل التفكر القانونى و سياسى، المجلد الرابع العدد الثانى،

٣-حرب، على ، (٢٠٠١)،فخ الهوء، مجلة المواقف، عدد ٦٦

٤-ذياب، امين نايف حسين ، الهوية التراث، نادى حصن الثقافى، ٢٠-٢٦/١٠/٢٠١٣

**ملخص:**

**الهوية الكردية في قصائد شيركو بيكەس**

تناقش هذه الدراسة قضية الهوية الكردية في النصوص الشعرية للشاعر شيركو بيكەس، باعتبارها من أبرز الإشكاليات التي تواجه شعباً يحاول الحفاظ على هويته الثقافية والاجتماعية في ظل تحديات معقدة. وبينما تختلط هذه التحديات بالعوامل التاريخية والسياسية والثقافية والاقتصادية التي مرت بها كردستان عبر التاريخ، فإن أزمة الهوية هي إحدى القضايا التي يتحدث عنها شيركو بيكەس في قصائده التي تعكس صراع الهوية بين الاستقلال والاغتراب وبين الوطن المفقود والوطن الوهمي.

يتناول هذا البحث من جزأين فى الجزء الأول مفهوم الهوية الكردية وتعريفها، ودورها وأهميتها في الشعر واللغة الكرديين، وعلاقتها بالهوية. يتناول الجزء الثاني أنواع الهوية في قصائد الشاعر ويعطي أمثلة لكل نوع، وكذلك خصائص أزمة الهوية في شعر شيركو بيكەس.

الكلمات المفتاحية: الهوية، الشاعر، الوطن، الوجود، الكرد

**Abstract:**

Kurdish Identity in Sherko Bekas's Poems

discusses the issue of Kurdish identity in the poetic texts of Sherko Bekas, considering This research it one of the most prominent problems facing a people trying to preserve their cultural and social identity in the face of complex challenges. While these challenges are intertwined with the historical, political, cultural, and economic factors that Kurdistan has experienced throughout history, the identity crisis is one of the issues Sherko Bekas addresses in his poems, which reflect the identity struggle between .independence and alienation, and between a lost homeland and an imaginary homeland

This research consists of two parts. The first part discusses the concept and definition of Kurdish .identity, the role and importance of identity in Kurdish poetry, language and relationship with identity The second part discusses the types of identity in the poet's poems and gives examples for each type, as well as the characteristics of the identity crisis in Sherko Bekas's poetry.

Keywords: identity, poet, homeland, existence, Kurd.